Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con3.7

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Omed Mhammed Najma
Omed.najma@univsul.edu.iq

# هزری تونڕەوی
# هۆکارەکانی و جێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی

**ئومێد محمد نجمه/** بەشی پەروەردەی ئایین، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان ، زانکۆی سلێمانی ،شاری سلێمانی ،هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :19 /04/2025
PUBLISHED :20/08/ 2025

وشە سەرەکییەکان:
هزری تونڕەوی،
توندوتیژی،
پەڕگیری،
کۆمەڵگە،
کوردستان.

## پوختە

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
سوپاس وستایشی فراوان و بێ پایان بۆ خوای بالا دەست، لەگەڵ داواکردنی درورد و رەحمەت بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر (درووری خوای لەسەر بێت)، وەبۆسەر گیانی یار و یاوەرانی بەگشتی.
پرسی توندڕەوی و ترس وتۆقاندن بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە و ناوخۆ بووەتە پرسێکی فرە رەهەندو دەرکەوتوو، بە تایبەت لە ناو چینی گەنجاندا کەکرانە داینەمۆی ئەم ئافاتە گەورەیە. ئافاتێک کە زۆرێک لە توێژینەوە زانستیەکان لەبەر هەر هۆکارێکی خودی یان بابەتی بوبێت، بە شێوەیەکی دروست و بێلایەنانە نەیان توانی وەڵام دەرەوەی ئەو راستیەبن کە هزر وبیرکردنەوە سەرەتای هەموو رەفتارێکە، بەڵکو وایان وێناکرد کە هۆکارە کرداریەکان پاڵنەری سەرەکین بۆ پەرچەکرداری توندڕەوی و ترس و تۆقاندن.لێرەدا بە پێویستم زانی بێلایەنانە و دوور لەهەر دەمارگیریەک بە توێژینەوەیک شەن و کەوی ئەو پرسە بکەم کە هزری توندڕەوی ئامراز و کردار نییە، بەڵکو بەرنامە و ئایدۆلۆژیایی مرۆڤەکانە و بەدرێژای مێژووی میللەتان و لەتەواوی سەردەمەکاندا بووە، کە بە پێی کەش و هەوا و ژینگەی کۆمەڵگە و دەورووبەری کەم و زیادی کردووە.کۆمەڵگەی کوردیش وەک سەرجەم میللەتانی تر بەدوور نەبووە لە هزری توندڕەوی، بە جۆرێک لە جۆرەکان کەمەر کێش کراوە و جێکەوتەکانی لەسەر هەندێک لە تاکەکانی ماوەتەوە.بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی هۆشیار، زۆر بە توندی وەڵام دەرەوەی ئەو جۆرە لە هزر و دیدانە بن و بەربەستی کۆنکرێتی لەبەردەمیاندا بچەسپێنرێت، تاوەکو یەک ریزی کۆمەڵگە و مافی تاکەکان پێشێل نەکرێت.
بۆ ئەو مەبەستە توێژەر ناونیشانەکەی بەسەر دوو تەوەردا دابەش کردووە:
١. پێناسەی هزری توندڕەوی و هۆکارەکانی
٢. جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی .
لێرەدا چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەم ئافاتە باس نەکراوە، لەبەر ئەوەی لەچەندین توێژینەوەی تردا ئاماژەی پێکراوە.هیواردام بتوانم بەم توێژینەوەیە تاکی کورد ئاشنا بکەم بە هەموو ئەو شوێنەوارە خراپانەی کە هزری توندڕەوی لەسەر ئەم کۆمەڵگەیەی دروست کردووە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری باڵادەست و دلۆڤان، داواکردنی درووود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئیسلام، وە بۆ سەر یار و یاوەرانی بەگشتی.

ئەم توێژینەوەیە باس لە پرسێک دەکات کە زۆرێک لەتاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بەجۆرێک لە جۆرەکان شارەزایی ئەوتۆیان لەسەری نییە و هەندێک لە ڕۆشنبیر و بیرمەندەکانیش بێلایەنانە نەیانخستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، ئەویش پرسی هزری توندڕەوی و شوێنەوارە خراپەکانییەتی لەسەر خودی ئەو تاکانە و تەواوی مرۆڤایەتی.

ڕەگ و ڕیشەی هزری توندڕەوی مێژوویەکی هێندە دووری هەیە، باوەڕپێکردنی هێندێک قورسە بەجۆرێک کە بوترێت سەرەتاکانی مرۆڤ دەستپێشخەربوون تیایدا. بەپیرۆزگرتنی تاک و کڕنوش بۆ بردنیان و بەچاکزانینی خراپەکانیان و وەرنەگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دی هۆکاربوون بۆ زیاتر تەشەنەسەندنی هزری توندڕەوی لە مێژوودا. ئەم توێژینەوەیە هۆکارە هاوچەرخەکان بۆ ئەم ئافاتە گەورەیە پێشکەش دەکات و جێکەوتە خراپەکانیشی شەنوکەو دەکات، تا ببێتە دەروازەیەک بۆ پیشاندانی ترسناکی ئەم دیاردەیە و دوورکەوتنەوەی گەنجان لێی کە بە سامان و گەنجینەی ئەم کۆمەڵگایە دادەنرێن.

-بابەتی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کێشەیەکی هەنووکەیی و چارەسەریەکانی دەخاتە ڕوو کە گۆڕەپانی جیهان و ناوچەکە و ناوخۆی پێکەوە گرێداوە و سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی کەمەرکێش کردووە، دەرخەری وێنەی هزری توندڕەویە کە جێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەدا دەبینرێت، بەردەبازێکە بۆ ئاشناکردنی تاک و خێزان وکۆمەڵگە لە ئافاتە خراپەکانی.

-گرنگی ئەم بابەتە و هۆکارەکانی نوسینی:

- ئەم بابەتە باس و خواس لە هۆکارەکانی هزری توندڕەوی دەکات لە گشت ڕووەکانی ژیانەوە.
- ئالودەبوونی هەندێک لە کەسایەتیەکان و گرووپەکان بە ئافاتی هزری توندڕەوی و نەهاتنەژێرباری بیری میانڕەوانە لە کۆمەڵگەدا.
- هەندێک لە هاووڵاتیان، ترسناکی ئەمجۆرە هزرانە هەست پێناکەن و لە بنچینەشدا پێیان وایە بیرێکی دروستە.

-ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

- ڕوونکردنەوەی ترسناکی ئەمجۆرە لە بیرکردنەوەیە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگە.
- تێگەیشتن لەوەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەمجۆرە لە بیرکردنەوەیە کاری هەموو تاکێکە.
- هەنگاونان بەرەو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دروست و میانڕەو، دوور لە هەموو توندوتیژییەک.

-پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە:

- ئایا ئەو هۆکارانە کامانەن کە پاڵ بە تاک و گرووپەکانەوە دەنێت بۆ هزری توندڕەوی؟
- ئایا هزری توندڕەوی شوێنەواری خراپ لە سەر کۆمەڵگە دادەنێت؟
- بۆچی تاک و گرووپە توندڕەوەکان هەمووان دەکەنە ئامانج؟

-سنووری ئەم توێژینەوەیە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا خۆی دەنوێنێت کە زیاد لەسەدەیەکە گیرۆدەی ڕووبەڕووبونەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بووەتەوە. کات لەم سنوورە، ئێستای کۆمەڵگەی کوردییە کە لە ڕابردوودا بارگاوی کراوە بە هزری توندڕەوی. شوێن لەم سنوورە، گۆڕەپانی کوردستانێکە کە هەندێک لەتاکەکانی توشی پەتای بیری توندڕەویی بوون.

-ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پەنا براوەتە بەر ڕێبازی وەسفی، کە ڕێبازێکە گرنگی دەدات بە وەسفکردنی دیاردەکان و پاشان شیکارکردنی ڕەهەندەکانی و وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە کە لە وێوە دەمانگەیەنێتە چارەسەر

-تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١. پێناسەی چەمکی هزری توندڕەوی و هۆکارەکانی.

١.١. پێناسەی چەمکی توندڕەوی.

٢.١. هۆکارەکانی توندڕەوی.

٢. جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

١.٢. جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر خودی تاک و ڕەفتارەکانی.

٢.٢.جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی.

## ١. پێناسەی چەمکی هزری توندڕەوی و هۆکارەکانی

### ١.١. پێناسەی چەمکی هزری توندڕەوی

خودی توندڕەوی نەخۆشیەکی هێندە ترسناکە، بەبڵاوبوونەوەی کارەساتێکی گەورەی ئایینی و هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو تاک و کۆمەڵگە دروست دەکات، کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێری ڕەشبیری و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی دەبات. هزری توندڕەوی سەرجەم سنورە دەستکردەکانی تەنیوە و ئۆقرەی لە بیرمەندان و تەنانەت سیاسیەکانیش بڕیوە. هەر بۆیە چەمکی هزری توندڕەوی لەزۆرێک لە زانستەکاندا وێنا و پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەنوسەرەکانیان توانیبێتیان پێناسەیەکی گشتگیری هەمە چەشنەی بۆ دابنێن، لەبەر ئەوەی توندڕەوی بۆی هەیە ناواتایی ببەخشێتە بوونی مرۆڤ، هەرکات مرۆڤ لەگەڵ توندڕەوی بیەوێت خەمساردی بنوێنێت ئەوا دیلی قەدەرێکی بێهودەییانە دەبێت( مۆلەر،٢٠٠٨، ل١٧). ئەوکات مرۆڤەکان هەر کەسە و بەپێی ئایدۆلۆژیا و دید و تێڕوانینی کەسی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و چەمکەکان دەکات.

کاتێک باس لە توندڕەوی لە بارودۆخێکی نالەباردا دەکرێت، ئەوکات (هیلدەر کامارا) دەڵێت:" ئەمە بنچینەی هەموو جۆرەکانی توندڕەویە، وە گاندیش پێی وایە توندڕەوی لە دەرئەنجامی هەژموونی داگیرکاری بەریتانی و بارودۆخی خراپی هیندییەکان سەرچاوەی گرتووە" (مۆلەر، ٢٠٠٨،ل٢٠).

وەکاتێک باسی توندڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازەکان دەکرێت، ئەم جۆرەیان لە توندڕەوی چەوساوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەیانەوێت لە زوڵم و زۆری چەوسانەوە ڕزگاریان بێت، کاتێک چەوساوەکان پەنا دەبەنە بەر توندڕەوی، وەک دوا ڕێگایە لە دەر ئەنجامی نامۆبونیان لە سەر کەوتنی دۆزەکەیان(مۆلەر، ٢٠٠٨،ل٢٠ ).

لێرەوە دەکرێت دوو وەزیفەی سەرەکی توندڕەوی دەستنیشان بکرێت، تا ببێتە هەوێنی تێگەیشتن لەوپێناسانەی کە بۆ چەمکی توندڕەوی وێنا کراوە:

یەکەم: وەزیفەی پاراستنی سستەمی هەبوو، کە گەرەنتی ئازادی و دادپەروەریە.

دووەم: وەزیفەی نەهێشتن ولەناوبردنی ئاژاوەگێڕی بە پاساوی ئەوەی کە هەڵدەستێت بە پاراستنی سستەم لە ستەم وچەوسانەوە (مۆلەر، ٢٠٠٨،ل٢٠ ).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توێژینەوە زانستیە ڕەسەنەکان و تەنانەت واقعی ژیانی ڕۆژانەش، سەلماندویانە کە خودی هێزە هزرییەکان و زیرەکی و ئەرکەکانی عەقڵیش، دەرئەنجامی چالاکی عەقڵی لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە و پیشەیی مرۆڤدا دەرکەوتوون و پەرەیان سەندووە. بە واتایەکی تر بەرئەنجامی لایەنەکانی چالاکی عەقڵین نەک هۆکار یان فاکتەری ڕوودانی بن، چونکە ئەو کەسەی بە باشی و بەئاگاییەوە پیشەیەکی دیاری کراو پیادە دەکات، ئەوا زیرەکی و ئەو توانا عەقڵیانەی کە پیویستن بۆ سەرکەوتن، سەر هەڵدەدەن و پەیدادەبن(جەعفەر، ؟، ل٢٦).

کەوابوو ئەستەمە بتوانیین پێناسەیەکی گونجاو و پڕاوپڕ بۆ چەمکی هزری توندڕەوی کە سازان و ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت دابنێین.

هزری توندڕەوی، لای زانایانی پسپۆری پەروەردەیی بریتییە لە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە لە بەرامبەر هەر سیستەمێکی هەڵبژێردراوی پەسەندکراو یان هاوشێوەکانی، کەمەبەستیەتی گۆڕانکاری ڕیشەیی توند لە بەرابەر ئەو سیستەمە بگرێتەبەر(حەمزە، ٢٠١٥، ل٥).

زانایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە: بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە هێڵی یەکسانی کۆمەڵگە، جا ئەو دووریە ڕاست بێت یان چەپ، نەرێنی بێت یان ئەرێنی (حەمزە، ٢٠١٥، ل٥).

لەلایەن یاسا ناسانەوە: بریتییە لە دەرچوون یان لادان لە هێڵی یەکسانی کۆمەڵگە، یان دەقەکانی یاسا کە بڕیار لەسەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگە دەدات(حەمزە، ٢٠١٥، ل١١).

لەلای سیاسیەکانیش: سیناتۆر(باری جولدواتر) ( Barry Gold Water) پۆلێنی توندڕەوی لە سیاسەتی ئەمریکای کردووە، لە کۆنگرەی پارتی کۆماری ووتی: توندڕەوی لەبەرگری کردن لە ئازادی خراپە نییە، وە هاوسەنگی و میانڕەوی لە هەوڵدان بۆ دادپەروەری گەورەیی نییە (حەمزە، ٢٠١٥، ل٥).

لای پسپۆرانی ئاسایشی نیشتمانی: دیاردەیەکی نەخۆشییە لە بارودۆخێکی ناسروشتیدا توشی مرۆڤەکان دەبێت، کە هەندێ جار لە هەژاری و جیابونەوەی خانەوادەکان و بێکاری و بۆشایی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، یان لە ئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر سووککردن و ترساندن و پێویستی بەرەو ئامانج وەستاوە(الخطیب، ٢٠٠٥، ل٧)

بەشێوەیەکی گشتی هزری توندڕەوی: بریتیە لە دەرچوون لەو شتانەی کەبەیاسا و ڕێسایی کراون و خوی پێوەگیراوە و لەسەری ناسراوە، کەئەمەش ئەبێتە هۆی تێکدان و پەرتەوازەکردنی بارودۆخی (ئاسایشی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری، سیاسی.....) کە حوکمی گەل و نەتەوەکان دەکات .

لەو پێناسانەی کەبۆ هزری توندڕەوی کراوە ئەم خاڵانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

١-هزری توندڕەوی پێچەوانەیە لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵگە.

٢-هزری توندڕەوی دەرچوونە لە هاوسەنگی و میانڕەوی، یان هەنگاو نانە بەرەو پەڕگیری ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٣-مرۆڤی توندڕەو لەپەڕگیری کۆمەڵایەتی و ئاینی دەژی، لەبەر ئەوەی هزری ئاوێتە نییە و کەنارگیرە لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا.

٤-توندڕەوی پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما سەرەکیەکان و چەسپاوەکانی ئیسلام. هەرچەندە ئیسلام کراوەتە چەقی ململانێی توندڕەوی، نەک خودی تۆڕە بڵاوەکانی هزری توندڕەوی کە لەتاکەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

٥-توندڕەوی هۆکارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و دارمانی کۆمەڵگە، وە مەترسییە لەسەر کایە یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئاسایشیەکان.

٦-هەڵگرانی هزری توندڕەوی گەنجان و هەرزەکارانیان کردووەتە ئامانج بۆ لەباربردنی دەستکەوتە یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، لەبەر ئەوەی یاریزانێکی چالاک و بەگوڕن بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانیان.

٧-هزری توندڕەوی بەهۆی چەندهۆکار و پاڵنەرێکی ئاینیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە سەرهەڵدەدەن کەدواتر باسی لێوە دەکرێت .

هەرچەندە هزری توندڕەوی پەیڕەو و پرۆگرامێکە لەکۆنەوە دروست بووە، بەڵام لە ئێستا بە وێنەیەکی نوێوە بە بوونی پاڵنەرەکانیەوە دەردەکەوێتەوە و پێشدەکەوێت، بەپێشکەوتنی مرۆڤەکان توندڕەوەکان سوود لە هۆکارە ئەلکترۆنییە پێشکەوتووەکان بە تایبەت لەسەردەمی شۆڕشی زانیاریدا وەردەگرن، بۆیە زۆر ئاسایی و بەڵگە نەویستە کەوێنەیەکی نوێ لە هزری توندڕەوی دروست ببێت کە پێشتر نەبووە، دەتوانیین هەست بەو وێنەیە بکەین لەڕێگای ناسینی چۆنیەتی ئەوەی کە دەتوانن توانا زانستیەکان (وەک: ئینتەرنێت، فەیسبووک، تلگرام،.......) بەکاربهێنن(عیاد، ٢٠٠٨،ل٥٤).

لەم ڕوانگەیەشەوە دەگەینە ئەوەی کە هزری توندڕەوی ڕەگ و ڕیشاڵێکی مێژووی هەیە و بووەتە لاشەیەکی هزری بۆ مرۆڤەکان، بێگومان ئەمەش لە دەرئەنجامی پاڵنەر و هۆکارە جیاوازەکانەوە سەری هەڵداوە و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگەکە دروستکردووە(البعدانی، ٢٠١٤، ل١٥).

### ٢.١. هۆكارەكانی هزری توندڕەوی

ئەوەی ڕوونە هزری توندڕەوی دیاردەیەكی گشتی جیهانییە و سەرجەم كۆمەڵگەكانی بەخۆیەوە گیرۆدە كردووە، بەواتایەكی تر تەواوی هەڵگری ئایینەكانی توشی ئەم دەردە نەگریسە كردووە. گومانیش لەوەدا نییە كە هزری توندڕەوی دەرهاویشتە و دەرئەنجامی كۆمەڵێك هۆكارە، كە دەكرێت لەچەند خاڵێكدا كورتیان بكەینەوە:

١-هۆكاری سیاسی و ئاسایشی

دەتوانین بڵێین سیاسەتكردن بە ڕێگای نادروست و دور لە بنەما سەرەكیەكانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و مامەڵەتوندەكان هۆكارێكی بەربڵاون لە دروست بوونی هزری توندڕەوی لە كۆمەڵگەدا كە لێرەدا بەچەند خاڵێك ڕوونی دەكەینەوە:

–گوتاری سیاسی ئایینی لەلایەن مەرجەعەكانەوە هۆكارێكە بۆ ڕاكێشانی پشتیوانی میللی بەجۆرێك هەست و سۆزیان بۆ ئەوە ڕادەكێشت كە ببنە شەپۆلێكی نارەزایی لەنێوان گەل وئەو شەپۆلە سیاسیانەی كەلەولاتدا بونیان هەیە،بێگومان ئەم جۆرە گوتارانە هەندێک جار دەبێتە هۆكاری توندوتژی. (أحمد، 2025، ل31)

–لاوازی و هەندێک جاریش نەمانی ئینتما (بەتایبەت لە گەنجاندا) بۆ نیشتیمان. كاتێک تاک بەهۆكاری خراپ بەكارهێنانی جومگەكانی دەوڵەت و توند مامەڵەكردنەوە خولیا و ئاواتەكانی وندەبێت، ئیدی ئینتیمای بۆ نیشتمان كەم دەبێ و پەنا دەباتە بەر بیركردنەوەیكی نەرێنی دوور لەهەموو یاسا و عورفە باوەكان كە لە ولاتدا هەیە، لێرەدا بەرژەوەندی تاک پێش بەرژەوەندی گشتی دەخرێت و تاک ئامادەنییە سەروماڵی لەكاتی پێویست و تەنگانەدا ببەخشێتە ولاتەكەی، كەهەندێک جار لەكاتی ڕووبەڕووبونەوەی میللەتەكەی لەگەڵ دوژمنانیشدا هەڵوێستی نەرێنی ئەنوێنێت.

–بەشداری پێنەكردنی گەنجان لە كایە سیاسیەكان و پیشاندانی وەک تاكێكی لاواز. لە ئێستادا گەنجان هەوڵئەدەن بۆ گۆڕینی بارودۆخی تایبەتی خۆیان كە لە ڕابردودا پێی نەگەیشتوون، ئەویش گەیشتنە بە لوتكەی دەستەلات، بەلام بەربەستەكانی بەردەمیان لە لاوازی تواناكان و سەرچاوە ئابووریەكان و فشارە سیاسیەكان و ئاسایشیەكان ڕێگربوون لەگەیشتن بەو هیوایە كەئەمەش هۆكاربووە بۆ پەنابردنە بەر هزری توندڕەوی.

–نەبوونی ناوەندی تایبەتمەند بە گفتوگۆی نیشتمانی لە نێو كۆمەڵگەدا. ئەگەر بانگهێشتن كردن بۆ گفتوگۆیەكی نیشتمانی لەنێوان هێز و لایەنە سیاسی و كۆمەلایەتیەكان، گوێبیست بوون لە تێڕوانینە جیاوازەكان، ڕەخساندنی دەرفەتی ئاڵوگۆری بیروڕاكان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەكان هۆكاربێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و حوكمداری، ئەوا بێگومان بە نەبوونی ناوەندێک بۆ ئەم گفتوگۆیە هۆكارێک دەبێت بۆ دروست بوونی تاكی توندڕەو لە كۆمەڵگەدا.

–دیارینەكردنی هۆكارە بنەڕەتیەكانی هزری توندڕەوی لەلایەن دام و دەزگاكانی هێمنایەتی وئاسایشەوە، هۆكارێكی ترە بۆ ڕەخساندنی زەمینەی هزری توندڕەوی.

–جیاكردنەوەی ئایین لە سیاسەت، كە بێگومان ئەمە لە كۆمەڵگایەكدا كە زۆربەی تاكەكانی ئایین پەروەرن دەبێتە پاڵنەرێكی سەرەكی بۆ هزری توندڕەوی، چونكە ئایین پارێزەری تاک و كۆمەڵە لە هەموو توندوتیژیەک.

–توند مامەڵەكردنی دەوڵەت و دام و دەزگاكانی لەگەڵ هاولاتیان و خۆپیشانەدەری ناڕازی. پێویستە دام ودەزگاكانی دەوڵەت بە هیمنانە و دور لەهەموو توندوتیژیەک مامەڵە لەگەڵ هاولاتیانی خۆیان بكەن و سەرپێچیكاران بە ڕێگای یاسای ڕوبەڕوی دادگایان بكەنەوە.

–دروست بوونی بۆشایی هزری (بەتایبەت لەناو گەنجاندا) ، كەدەبێتە هۆی نەبوونی توانای بەشداری كردن لە دروستكردنی بڕیاردا و زاڵنەبوون بەسەر ئەو كێشانەی ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها گەیشتن بەو ئەنجامەی لە ژیانیاندا شكستیان خواردووە و توانای داهێنان و پێشكەوتنیان نییە.

–ناكارامەیی دەوڵەت لە چاودێری كردنی هزری توندڕەوی. دەوڵەتێک كە لە سەر بنەمای سستەمە نوێ و هاوچەرخەكان دامەزرابێت، بێگومان دەتوانێت چاودێری ئەو هەموو بیرە نامۆ و پەرگیرانە بكات كە پێچەوانەن لەگەڵ نەریت و ئایین و یاسای كۆمەڵگەكە، بە پێچەوانەوە تۆوی توندڕەوی لەو دەوڵەتانەوە چەكەرە دەكات كە چاودێری كردن بە لاواز دەبینرێت.

-کەمتەرخەمی دەستەڵاتداران لە کێشەکانی هاوڵاتیان و گوێنەدان بە داواکاریەکانیان و بوونی گەندەڵی و بەرتیل و پشکپشکێنەو دەستشکاندنەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هۆکارێکی ترە بۆ پەیدابوونی هزری توندڕەوی (البیومی،السدلان،العیسوی،جوهر،عثمان،٢٠٠٤، ٢٠٠٤، ١٩٩٠، ٢٠١٧، ٢٠١٧، ل١٤٦، ل١٠، ل٢٨٢، ل٢٩، ل٩)

-نەبوونی دەستور، بۆ دیاری کردنی پێگەو ڕۆڵی ئایین لە ژیاندا. دەستور بەرجەستەکردنی بنەماو بەها باڵاکانی گەلە کەهەمووان بێ جیاوازی لەسایەیدا ژیان بەڕێ دەکەین و تەواوی ئایین و ئاینزاکان ماف و ئەرکیان بۆ دیاری دەکرێت و هیچ تاکێک ئیتر بەدەر نابێت لەو سنورەی بۆی دیاری دەکرێت.

**٢-هۆکاری ئایینی:**

وێناکردنی پێکەوە ژیان لە کوردستاندا لە نێوان تەواوی ئایین و ئاینزاکان بەجۆرێک نەخشێنراوە کەزۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەو جیهان ئیرەی پێدەبەن و هەندێک جاریش لەهەوڵی ئەوەدان ئەم وێنەیە ناشیرین و تێکبدەن، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامان وسەرنجە کەمینەیەک لە ناوخۆدا نەشارەزا لە ئایین و شارستانیەتەکەی دەکەونە داوی ئەوان وبەهەمان ڕێچکەی ئەوان هەنگاودەنێن و دەبنە تاکێکی نەخوازارو لەکۆمەڵگەدا، کە دەتوانین بەچەند خاڵێک ڕوونی بکەینەوە.

-هێرشکردنی ئاشکرا بۆ سەر بنچینە و یاسا نەگۆڕەکانی ئیسلام. کاتێک ئاینەکان دەکرێنە ئامانج لەلایەن کەمینەیەک لەتاکە پەراوێزخراوەکانەوە، کەمینەیەکیش لەناو ئایینەکانەوە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەریان دەبنە هۆکاری تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگەدا.

-قوڵکردنەوە و تەشەنەسەندنی کێشە خودی و بابەتیەکانی نێوان ئیسلام و عەلمانیەت. هەرچەندە ئیسلام و عەلمانیەت دید و تێڕوانیان بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤ جیاوازە، بەڵام ئەمانە ناکاتە ئەوەی ئەم جیاوازیانە قوڵبکرێتەوە و پریشکی بگەینرێتە ناو کۆمەڵگە، ئەگەر نا تاک بەرەو هەڵدێری توندڕەوی دەبات.

-نا ڕۆشنبیری و کەمی هۆشیاری و تێگەیشتنی هەڵە لە دەقەکانی قورئان وسونەت. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هزری توندڕەوی تێگەیشتنی نادروستە لە چەمکەکانی قورئان و فەرمودە دروستەکانی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەربێت)، کە بێگومان لە ناو هاوەڵانیشدا هەڵە تێگەیشتن بوونی هەبوەو پێشەوای موسڵمانان ڕێنماییکردون بۆ واتا دروستەکەو هیچ کام لە هاوەڵانیش بەکافر دانەنراون.

-لاوازی دەزگا و دامەزراوە ئایینەیەکان لەبەرامبەر خواست و وەڵامی پرسیارە جدیەکانی دینداراندا. بێدەستەڵاتی ئەم دەزگایانە لە ناساندن و دەرخستنی میانڕەوی ئیسلام، نادیدەگرتنی هاوسەنگی و یەکسانی بەرامبەر گەنجان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پەڕگیری و زیادڕەوی ئایینی، هەروەها نەناساندنی هزرە توندڕەوەکان و پاراستنی گەنجان لێیان هۆکارێک بووە بۆ دروست بوونی هوری توندڕەوی.

-لەسنور دەرچوون و زیادەڕۆیکردن لە ئاییندا، یان بە پێچەوانەوە کەمتەرخەمی نواندن لە بەرابەر ئاییندا. لە چرکە ساتی بەلاڕێدابردنی ئایین بە زیادڕەویکردن یان کەمتەرخەمی نواندن تیایدا ئیدی تاک بەرەو هەڵدێری پەڕگیری ئایینی وکۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت و دەبێتە تاکێکی توندڕەو لە کۆمەڵگەدا.

-بێئاگابوون و نەشارەزایی لە مەبەستەکانی شەریعەت و دوورکەوتنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن بە دانایی لەگەڵ دەقەکاندا، کە تیایدا بەرژەوەندی مرۆڤ پێوەری سەرەکییە لە دیاریکردنی مەبەستەکاندا، هەڵبەت تێگەیشتن لە مەبەستەکانی شەریعەت، پسپۆری و شارەزایی ئەوتۆی دەوێت کە تەواوی دەقەکان پێکەوە و لەیەک کاتدا بخوێنیتەوە.

-تێکەڵاو بوونی ئیسلام لەگەڵ داب و نەریت و کەلتوری هەڵە، بەوەی زۆرجار مافی تاک بەتایبەت ژنان پێشێل دەکرێت بەناوی ئایینەوە. کە ئەمەش وا لە ئافرەتان دەکات دیدێکی ڕۆشنیان نەبێت بۆ ئایین.

-گرفتاربوونی کۆمەڵ و ڕێکخراو و لایەنە ئیسلامییەکان بەکارو کاردانەوەی هەڵەوە. کە ئەمەش بووەتە هۆکاری دەمارگیری نادروست و لەکەدارکردنی کەسایەتی و تاکەکانی یەکدی.

-بوونی هەندێک لە فەتواو و بۆچوون و هەڵوێستی نادروست، کە هەندێکیان پشتیان بە ڕیوایەتە لاوازە و هەڵبەستراوەکان بەستووە، وە هەندێکیشیان لە خەوننامەو چیرۆکی خەیاڵی سەرچاوەی گرتووە.

-تەكفیركردنی دەستەڵاداران بە ڕەهایی، بەبەڵگەی ئەوەی بەتەواوەتی پیادەی شەریعەت ناكەن، یان كافركردنی ئەو كۆمەڵگەیانەی كە بێدەنگن لە دەستەڵاداران، بەبەڵگەی ئەوەی هاوبەشی كار وكردەوەی ئەوانن. یان كافركردنی ئەو لایەن و كەسانەی هاوشان لەگەڵ عەلمانیەكاندا بەشداری چالاكی سیاسی دەكەن، كە پیان وایە پەرلەمان و حكومەت زادەی بیری دیموكراسییە و ئەمەش لەلایان دەبێتە كوفر. یان كافركردنی وڵاتان و حوكمدان بە كافركردنی ئەو تاكانەی كە دەچنە ئەو وڵاتانە.

-تێروانینی دوژمنكارانە بۆ ژیان، پیان وایە دونیا پیسە و لەكاری شەیتانەكانە، بۆیە واز لە هەمووخۆشیەكانی دەهێنن.

-تاپۆكردنی مزگەوتەكان و تەكییە و شوێنە پیرۆزەكان و دوورخستنەوەی دام و دەزگاكانی حكومی تیایاندا. كەئەمەش وادەكات لە بڵندگۆكانیانەوە بە ئاشكرا دژایەتی یەكتر بكەن و گەنجان ئاڕاستە بكەن بەرەو دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی و كۆمەڵكاری تاك لایەنانە (تریان، المبارك، ابن تیمیة، النحوی،عبدالعزیز، ٢٠٠٨، ٢٠٠٦، ؟ ، ١٩٩٩، ٢٠١٧، ل٢٤، ل٢٢٠، ب١ ل٢٩٣، ل٦٩، ل١٤٩ بۆ ١٦٧).

### ٣-هۆكاری كۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەوەی تاك لە كۆمەڵگەدا كارامەیی و شارەزایی و ئەزموونەكانی جیاوازن، هەروەها سروشتی مامەڵە و ژیانبیان ئاوێتەیە لەگەڵ خانەوادەكانیان، دەكرێت تاك ببێتە بەشێك لەو بەردەبازەی كە نەشارازاكان هەنگاوی لەسەر بنێن، وەك لەم چەند خاڵەدا ڕوونی دەكەینەوە .

-ونبوونی ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەكردنی نەوەكان، بە دوورنەخستنەوەیان لە هۆكارەكانی توندڕەوی. ئەگەر خێزان نەبوویە ئەو شانە دروستەی كە جەستەی كۆمەڵگەی پێكهێناوە، ئەوا بێگومان دەبێتە شێرپەنجەی ئەو جەستەیەو وردە وردە تەواوی جەستەكە دادەپۆشێت.

-هەڵوەشاندنەوەی خێزانەكان، بە بێبەشكردنی تاك لە چاودێری خێزانی و كۆمەڵایەتی، تووش بوون بە زەبری دەروونی، تێكچوونی پەیوەندی نێوان مناڵ و خانەوادەكەی هۆكارێكی دیاری هزری توندڕەویە.

-خراپی ژینگەی دەوروبەر، بەهاندانی تاك و ئاڕاستەكردنی بەرەو هزری توندڕەوی. هەندێك جار دەوروبەر دەبنە ملۆزم و تاك بەرەو ڕەفتاری نەرێنی ئاڕاستەدەكەن و بەپێچەوانەی تەوژمی كۆمەڵگە مەلەی پێدەكەن، كە بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆكاری توندڕەوی .

-دروستكردنی پێكدادانی مافەكان لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا، كەئەمەش بووەتە هۆكاری تێكدانی نادروستانەی نێوان هەردوو ڕەگەز.

-كەمكردنەوەی ڕۆڵی ئافرەتان لە تەواوی سیكتەر و كایەكانی ژیاندا. ئافرەتان هەمیشتە وەك پشتیوانێك بۆ ڕەگەزی بەرامبەریان هەنگاوی ئەرێنیان ناوەو بونەتە پێشخستنی كۆمەڵگە لە ڕابردوو لە ئێستادا، بۆیە بەپشت گوێخستنی و كەمكردنەوەی ڕۆڵی هەندێك جار تاكێكی بەدەرلەیاساكانی لێ دروست دەبێت.

-تێكدانی پەیوەندی نێوان دەستەڵاتداران و هاوڵاتیان (بەتایبەت گەنجان) ، بەڕق لێبوونەوە و دژایەتیكردن، تەنانەت لەشتە جوانەكانیشدا.

-هاوڕێیەتیكردنی مرۆڤە لاسەنگ و خراپەكان، كە هەمیشە بەلاڕێدا دەیبات و دەیكاتە كەرەسەیەكی خاو لەبەردەم دوژمناندا.

-نەڕەخساندنی هەلی تەواو بۆ گفتوگۆی سەر ڕاستانە لەناو یەك كۆمەڵگەدا، ئەویش بەڕاستكردنەوەی تەواوی خواریەكان و هەڵە زەقەكانی كۆمەڵگە.

-چاودێری نەكردنی نەوەكان، ونەدۆزینەوەی كاتی گونجاو بۆ چالاكیەكانیان.

-هەڵنەگرتنی بەرپرسیاریەتی لەلایەن چەند چینێكەوە، كە گومان لەوەدا نییە بنبڕكردی هزری توندڕەوی تەنها ئەركی بەرپرسان یان ئاسایش یان زانایان نییە، بەڵكو بەرپرسیاریەتی هەموو تاكەكانە (ناجم،حسانین، عثمان، الظاهری،عبدالله، ٢٠١٧، ١٩٩٩، ٢٠٠٢،٢٠١٧، ؟ ، ل٢٢٠، ل٣٥٢، ل١١٧، ل٢٣، ل٥٣٦).

### ٤-هۆکاری پەروەردەیی و دەروونی.

لەگەڵ ئەوەی هۆکاری پەروەردەیی و دەروونی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی توندڕەوی، بەڵام کەمتەرخەمی و نادیدەیی ڕێخراوەکان وپرۆگرامە پەروەردەییەکان کەم جارێک دەبنە هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی توندڕەوی لەهەندێک لە کۆمەڵگەکان، کە دەتوانرێت لەچەند خاڵێکدا هۆکارەکان ڕوون بکەینەوە.

-لاوازی ڕۆڵی ناوەندەکانی خوێندن (بنەڕەتی – ئامادەیی- زانکۆ) ، لەپەروەردەکرنی خوێندکاران، لەدوورکەوتنەوە لەهزری توندڕەوی.

-گرنگی نەدان بە وانەی پەروەردەیی ئایینی و پەراوێزخستنی لە ناوەندەکانی خوێندن.

-سوکایەتی کردن و بەکەم زانینی ڕۆڵی ڕابەر و پێشەوایان و مێژوونوسانی ئەم گەلە.

-گرنگی نەدان بە ڕۆڵی مامۆستا وەک تاکێکی پەروەردکار، وە هەڵنەسانی مامۆستا بە ئەرکی پەروەردەیی.

-گرنگی نەدان بە ڕۆڵی سەنتەر و دامەزراوەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و هزری و فێرکاریەکان.

-گرنگی نەدان بە مێژووی نیشتمانی لە تەواوی دامەزراوە پەروەردەییەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە.

-گرتنەبەری پەرچەکرداری توند لە بەرامبەر هزری توندڕەویدا، کەئەمەش دەبێتە زیاتر بوونی توندڕەوی.

-پێنەگەیشتنی گەنجان لە ڕووی پەروەردەیی هزری و نەشارەزایان لە مافەکانیان، وە کاریگەربوون بە خەوی بێداری و زیندەگی کردن لە دەرەوەی ماڵەکانیان.

-لاوازبوونی کەسایەتی و بروانەبوون بە خود و پڕنەکردنەوەی کاتی زێڕین بە داهێنان و بەرهەمی زانستی.

-لاوازی پرۆگرامەکانی خوێندن لە ئاڕاستەکردنی تاک بەرەو خۆشویستنی خود و خانەوادە و کۆمەڵگە و نیشتیمان.

-زۆربوونی یانەکانی خواردنەوە و نێرگەلە و گازینۆکان، کەئەم شوێنانە دەبنە هۆکاری کەوتن و دواکەوتنی گەنجان (محمد، عثمان،جوهر،ابراهیم،ناجم،الحسین، عبدالعزیز، ٢٠٠٩، ٢٠١٧، ٢٠١٧، ٢٠١٧، ١٩٩٣، ٢٠١٧، ٢٠٠٤، ٢٠١٧، ل٥-٦، ل١٠، ل١٥-١٧، ل١٥، ل٢٠٩، ل١٣، ل١٥٤).

٥-هۆکاری ئابووری.

ئاڵوگۆڕی ئابووری و بژێوی ژیان لە کۆمەڵگەدا کاریگەری ڕیشەیی هەیە بۆ دروست بوونی هزری توندڕەوی بەتایبەت لەوڵاتە هەژارنشینەکاندا، کە بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان چینەکاندا دروستکردووە، کەلەچەند خاڵێکدا ڕوونی دەکەینەوە.

-بێکاری و هەژاری و برسیەتی و نەداری و نەخوێندەواری بەشێوەیەکی گشتی. وە دەرکەوتنی نا یەکسانی و جیاوازیی لە ژیانی خەڵکدا و نایەکسانی لە دابەشکردنی دەستەڵات و داهات و ساماندا هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی توندڕەوییە.

-قەیرانی ئابووری و هەڵاوسان وبەرزبوونەوەی نرخ و کاڵاکان. قۆرخکاری و بەکارهێنانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی نادروست تاک بەرەو هەڵچوونێکی نەخوازراوی دەبات کە دواجار دەیگەیێنێتە لوتکەی دژایەتی.

-جیهانگیری، کەبووەتە هۆکاری گەورەکردنی کەلێن لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و دەوڵەتە هەژارەکاندا (ناجم، حسانین، الحسین، عبدالعزیز، ٢٠١٧، ١٩٩٩، ٢٠٠٤، ٢٠٠٢، ل٢٢١، ل٣٥٢، ل١٣، ل١٠)

٦-هۆکاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیا.

ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەت سۆشیال میدیا لەڕێگای هەواڵ و فیلم وبەرنامەی بێسانسۆرەوە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پاڵپشتکردنی توندڕەوی و بردنی تاک بە ئاقاری ئاژاوە و وروژاندنی کۆمەڵگە بەباری نەرێنی، کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا هۆکارەکانی ڕوون دەکەینەوە.

-ڕۆڵی خراپی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئاڕاستەکردنی هاوڵاتیان بەرەو توندڕەوی.

-بیری تۆڵەکردنەوە لەنوسینەکاندا، کە لەلایەن ڕۆشنبیران و نوسەرانی سەر بەلایەنەکانەوە پەیڕەو دەکرێت.

-شێواندنی ڕاستیەکان و نانەوەی دووبەرەکی لە کۆمەڵگەدا.

-بڵاوبوونەوەی پەرتوکانێک کە پێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و داب و نەریتی کۆمەڵگە.

-هاندانی هاوڵاتیان بۆ توندوتیژی لەڕێگای پەیجەکانەوە.

-کاڵکردنەوەی لێبووردن و ئاشتەوایی نێوان تاکەکان و لایەنەکاندا.
-نیشاندان و پێشنیارکردنی کۆمەڵگەلێک لە هزری ڕوخێنەر.
-پیشاندانی کۆمەڵگەلێک لە زنجیرە فیلمی جەنگی و هەواڵگری و تۆقاندن....
-گەورەکردنی هەواڵ، بەمەبەستی زیادکردنی دووبەرەکی و نانەوەی ئاژاوە.
-دابەزینی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژیاندۆستی.
-کەمتەرخەمی ڕۆشنبیران و نوسەران لە بوژاندنەوەی کۆمەڵگەکەیان.
-گۆڕانکارییە خێراکان و پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆجی لە کۆمەڵگە و ئامادەنەبوونی تاک بۆ چۆنیەتی سوودلێوەرگرتنی بە شێوەیەکی تەندروست (ناجم، حسانین، محمد، الفرقان، ٢٠١٧، ١٩٩٩، ٢٠١٨، ١٤٣٣ک، ل٢٢١، ل٣٥١، ل٢٩، ل٣٤-٣٧).

لەهەموو ئەو هۆکارانی لە پێشدا ئاماژەیان پێدراوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە فاکتەرەکانی هزری توندڕەوی زۆرن، قسەو باسکردن لە درێژەدان بە تەواوی هۆکاران لە خودی بابەتەکە دوورمان دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای باسە و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەوەیە تا چ ئاستێک لەم فاکتەرانە لە کوردستان بوونیان هەیە؟ بەحوکمی ئەوەی مەرج نییە لە هەر شوێنێ فاکتەری توندڕەوی هەبوو، ئەوا توندڕەوی بە هەموو جۆرەکانییەوە بوونی هەیە، توێژەر پێیوایە لەگەڵ ئەوەی تەواوی ئەم فاکتەرانە لە ناو کوردستان بوونیان هەیە، کەچی بەرێژەیەکی بەرچاو توندڕەوی و تۆقاندن لە کوردستان بنبڕکراوە یان زۆر دەگمەنە، بەڵام خودی هزرەکە ووردە وردە تەشەنە دەستێنێ و خەریکە کۆمەڵگەی کوردی ئالودە دەکات. بۆ بەرچاوڕوونی تاکی ئەم کۆمەڵگایەش لەتەوەری دووەمدا باسی جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی دەکەین لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

## ٢. جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی

لەسەر بنچینەی ئەوەی کە توندڕەوی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی هزری و لە کاربردنی توانستە هزریەکانە لە داهێنان. بڵاو بوونەوەی ئەم دیاردەیەش بەتەنها هەڕەشە نییە بۆ کۆمەڵگە، بەڵکو بەبوونی و بەردەوامی چەندین جێکەوتەی خراپ بەدوای خۆی کەمەر کێش دەکات و دەبێتە هۆی ڕوخانی کۆمەڵگە، کەلێرەدا بە دووباس شەن وکەوی دەکەین:

### ١.٢. جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر خودی تاک و ڕەفتاری.

١-جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر خودی توندڕەو:

پەروەردگار مرۆڤ وا دروستکردووە کە لە هەمانکاتدا ڕێزی لێناوە، بەوەش لە دروستکراوەکانی تری جیاکردوەتەوە کە ئیرادە و عەقڵ و توانای بیرکردنەوەی پێبەخشیوە، کاتێکیش ئیرادە و بیرکردنەوەی تاکی توندڕەو دەچێتە دەرەوەی هاوسەنگی ژیان و ڕێچکە خراپەکان هەڵدەبژێرێت، ئەوکات کاریگەری لەنێوان خودی خۆیی و کۆمەڵگە دروست دەکات بەوەی دیدی بەرامبەر کۆمەڵگە دەگۆڕێت و ئەوانەشی هزری میانڕەویان هەڵگرتووە بەڕیزپەڕ تەماشایان دەکات، پێی وایە هەموو ئەمانەی لەڕیزی نیشتماندا بە میانڕەوانە کاردەکەن لەهەڵەدان و دەبێت ڕاستەوخۆ و دەست بەجێ یان ڕاست بکرێنەوە یان لەناو ببرێن.

لەوساتەوەختەی کە تاک دەگاتە ئەو جۆرە لە بیرکردنەوانە، ئیدی هزری تاک دەبێتە نەخۆشی و مرۆڤ لەسروشتی ئاسایی خۆی دەباتە دەرەوە و دەگاتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-خودی توندڕەو پێی وایە ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی بەڕەهایی و کۆتایی ڕاستە.
-باوەڕی وایە ئەوەی کە باوەڕی پێیەتی لەهەموو کات و شوێنێکدا گونجاوە و شیاوە.
-دەگاتە ئەوەی کە هیچ دەرفەتێک بۆ گفتوگۆ و توێژینەوە نییە.
-تەواوی پرسەکان لەڕێگای ئەوەوە چارەسەر دەکرێت و دید و بیرو ڕاکانی تر نادروستن بۆ چارەسەر (هاینال، عبدالله، ١٩٩٠، ؟، ل٧، ل٤٣).

کاتێک دەروانیینە هەموو ئەو جێکەوتە خراپانەی کەلەسەر تاک دروست دەبێت، ناکرێت دیدی دەروونناسەکان نادیدە بگرین و فەرامۆش بکرێت، دەروونناسەکان ئەم جۆرە کەسانە بە نەخۆشی شیزۆفرینیا پێناسە دەکەن، بەوەی کە ئەم نەخۆشییە جیابوونەوەی کەسەکەیە لە ژیانی راستەقینەی خۆی، واتە جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات و تیایدا دەژی، ناتوانێت گونجانێک دروست بکات لە نێوان ژیانی واقعی و ژیانی خەیاڵی خۆی(عەزیز،٢٠١٧، ل٢٩٦).

کەسی تووشبوو بەم نەخۆشیە بیروباوەڕی تایبەتی بۆ دروست دەبێت و وەڵامی هەموو ئەوکاسانەش دەداتەوە کەهەڵەکانی بۆ ڕاستدەکانەوە.

هەروەها بەلای دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە، تاکی توندڕەو پشت بە ئاڕاستەیەکی عەقڵی و حاڵەتێکی دەروونی (دەمارگیری)( prejudice) بۆ کۆمەڵگەکەی دەبەستێت، لە کاتێکدا دەمارگیری حاڵەتێکی نەخوازراوی ناپەسەندە و تاکە توندڕەوەکان پەنای بۆ دەبەن(عەزیز،٢٠١٧، ل٢٩٧).

٢-جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر ڕەفتاری تاک.

ئەوەی لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا بڕیاری لەسەر دراوە ئەوەیە کە ڕەفتاری مرۆڤەکان ئاوێنەی رۆشنبیری و ڕەنگدانەوەی هزرە، واتە: هزری توندڕەوی تەنها لە سنوری هزردا ناوەستێت ، بەڵکو پێچەوانە دەبێتەوە لەسەر ڕەفتار.

ئەوکات پەرچەکرداری ڕەفتاری دەبێتە ڕوویەکی تری ڕەفتار، پاشان ئەو ڕووە ڕەفتاریە لەدەورووبەری کۆمەڵگە دووچەندانە دەبێتەوە و کاریگەری نەرێنی دروست دەکات.

کەوابو ڕەفتاری مرۆڤەکان پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەری جۆراو جۆر، لەوانە:

-فاکتەری مانەوەی شتەکان کە لەهزری مرۆڤەکە دەمێنێتەوە.

-فاکتەری هەستکردن و زانینی شتەکان بەرلەئەنجام دانی.

-فاکتەری ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ئایندەوە (ئامانج و دەرئەنجام) هەیە، کاتێک هەڵدەستێت بەئەنجامدانی کارەکە (الدباغ،حوسین، ١٩٨٦، ٢٠١٧، ل٣١-٣٢، ل٢٦٥).

لەسەر ئەم بنچینەیە تاکی توندرەو، ڕەفتارەکانی لە هزرێکی داخراوەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنی خودی و سەرجەم توانستە هزریەکان و داهێنانە ڕەفتاریەکان ژێرگڵ دەنێت. پەیوەندی توند لەگەڵ دەمارگیری کوێرانە دەبەستێت و دەبێتە گرفتێکی تری لەناو بەر لە کۆمەڵگەدا.

تاکی توندڕەو وردە وردە بەرەو پەرگیری هەنگاو دەنێت و توندوتیژی لە مامەڵەکانیدا و لە شوێنی گونجاودا ڕەنگدەداتە. دیدی پیلان گێڕی لە دەروونیەوە دێنێتە سەر پەرەی کاغەز و وتارە ئاگریناویەکانی دەبێتە بەشێک لە ژیان.

### ٢.٢ جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی.

کاتێک باسی ئاسایشی نیشتمانی دەکەین، قسە لەو هەستە ئارامگرتووە و دڵنیاییەی مرۆڤ دەکەین، کە تەواوی هەڕەشەکان لەسەر خود و ماف و ئازادییەکانی نامێنێت و ڕزگاری دەبێت لەو هەمووگرێ کوێرانەی کەبەرۆکی گرتووە، ئیدی ساتی هەستکردنە بە دادگەری کۆمەڵایەتی و ئابووری(الشقحاء،٢٠٠٤،ل١٤).

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾(سورەتی نور، ئایەتی ٥٥). واتە:خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکەیان کردووە، بێگومان دەیانکاتە جێنشین لە زەویدا، هەروەک پێش ئەمانی کردە جێنشین، وە ئایینەکەیان

بۆ دەچەسپێنێ، ئەو ئایینەی کە خوا پێی ڕازی بووە، وە ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئاسایش و ئارامی، لەو کاتەدا ئیدی من دەپەرستن و هیچ هاوبەشێکم بۆ بڕیار نادەن، وە هەر کەس بێبڕوابێت، ئەوا بەڕاستی لە ڕێگای خودا دەرچوون(بامۆک، ١٣٨٣ک، ل٣٥٧)

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسانێک کە باوەڕیان هەیە و کردەوەی چاکە دەکەن و خۆیان بەدوور دەگرن لە خراپە، خوای گەورە ئەو کۆمەڵگەیە لە ناڕەحەتی ترس و شڵەژان ڕزگار دەکات و بەرەو کەناری ئارامیان دەبات.

بەڵام کاتێک نیعمەتی هێمنایەتی و ئاسایش نامێنێت، ئەو کات توندڕەوەکان ژیان و بژێوی مرۆڤەکان لەسەر پەراوێزی کۆمەڵگە هەڵدەبژێرن، بەبیانوی ئەوەی کەئەم کۆمەڵگەیە نامۆن و دەستەمۆی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و جولەکەن، دەکەونە وێزەی خەڵکانی سڤیل و بە ڕاست وچەپی مرۆڤەکاندا تێدەکەون.

وەک لەپێشتردا ئاماژەمان پێکرد ، توندڕەوی سەرەتا لە هزرەوە دەستپێدەکات و پاشان دەبێتە ڕەفتار و دواتر پرۆژە و ئیدی سەپاندنی خود و گروپ و لایەن بەسەر کۆمەڵگەدا. لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە جێکەوتەی هەموو ئەو هزرە توندڕەوانە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لەچەند خاڵێکدا شەن وکەو بکەین:

**١-جێکەوتەکانی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی سیاسی**

هەڵگرانی هزری توندڕەوی لەدونیا بینیی تێگەیشتن و فکری خۆیاندا، بۆ لەناوبردنی کیان و بەرهەمی چەند ساڵەی میللەتەکەی ، کار لەسەر لەناوبردن وپەرچەکرداری یەک لایەنە دەکەن دژی ئاسایشی سیاسی وڵات. هەربۆیە بەزووی جێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەوێت، کۆمەڵگەی کوردیش، وەک تەواوی کۆمەڵگەکانی دی بێبەش نەبووە لەم جۆرە لە هزری توندڕەوی و ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا تاوداوە، لەوانەش:

-بەکارهێنانی توندوتیژی وەک میکانیزمێک بۆ ئیدارەدانی کێشمەکێشە سیاسیەکان لەسەر گۆڕەپانی هەرێمێک کەهێشتا وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دەرنەکەوتووە.

-لەناوبردنی ڕکابەرەکانی ، بەهەرجۆرێک گونجاو وبەردەست بێت.

-ناشیرینکردنی ئاینی ئیسلام (کە ئاینی زۆربەی کۆمەڵگەی کوردیە) ، لە بەرچاو جیهانی پێشکەوتوی دونیا و ناوەندە سیاسیەکاندا.

-ناشیرینکردنی خودی کۆمەڵگە و وێناکردنی بەوەی کە کورد بەشێکە لە ترس و تۆقاندن و توندوتیژی.

-فێرکردنی تاکی کوردی لەسەر ئەوەی بەهەرجۆرێک گونجا دەتوانرێت حوکمڕان و دەستەڵات لەناوببرێت.

-بە ناڕەوا زانینی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوام و ڕژانە سەر شەقامی بەشێوەی ئاشتیخوازانە.

-خۆشنەویستن و پارێزگارینەکردن لە وڵات و نیشتیمان و نەهێشتنی ئینتیما بۆ خاکەکەی. (بەتایبەت گەنجانی ئەم نیشتیمانەیان وا ڕامکردووە کە فاکتەری تێکدان و لەناوبردنی سیستەمەکەی بن).

-تاکیان وا پەروەردە کردووە کەتەنها خۆیان لەسەر حەقن وبەرامبەریان مایە پۆچ و گەندەڵن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پەرگیری تاک لە کۆمەڵگەدا.

-ناشیرینکردنی دام ودەزگاکانی هێمنایەتی و ئاسایش لە وڵاتدا و کەم بوونەوەی دڵنیایی پێیان.

-وێناکردنی وڵات بەوەی سنوری جوگرافی بوونی نییە و هەموومان یەک نەتەوە و یەک گەلین و دەبێت یەک حاکم حوکمڕانی جیهان بکات.

-جیاکردنەوەی کاری پەروەردە و بانگخوازی لە دەستەڵاتی سیاسی، لە پێناو بەکارنەهێنانی ئایین و پیرۆزییەکانی بۆ مەرامی سیاسی.

-دروستکردنی مەترسی لەسەر وڵات و خاکەکەی، بەدژایەتیکردنی وڵاتانی دەوروبەری و هێرشکردنە سەریان (عسیری، عالایی، ٢٠٠٦، ٢٠١٥، ل١٦٢، ل٨٢-٩٥). (بێگومان کوردستان لە ئێستادا تووشی ئەم گرفتە نەخوازراوە کراوە)

**٢-جێکەوتەی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی تاوانکاری**

هەرکاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە دڵنیابوون لە ژیانی خۆیان( ماڵ، کۆڵان، سەرشەقام، شار،......)، وە هەرکاتێک سنورێکمان دانا بۆ گێرەشێوێنی و ئاژاوە، ئەو کات ئاسایشی کۆمەڵگە بەرقەرار دەبێت.

بەڵام توندڕەوی و توندڕەوان هەمیشە بە دوای بازاڕی شێواودا دەگەڕێن، تاوەکو جێدەست و پەنجە و خامەکانیان لەسەر دڵ و ڕەفتاری تاکەکاندا دابنێن و دیواری وڵات بە خوێن سوور بکەن، لەوانە:

-ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری دەرحەق بە خەڵکی سڤیل و بێتاوان، کە لەگەڵ هزری دروستی تاک و بنەماکان و بەهاکان پێچەوانە دەبێتەوە.

-زیادبوونی کوشتن و ڕافاندن بەناوی جۆراوجۆری ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

-هاورێگرتنی کەسانی بەدەر لەیاسا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خراپەکاری و ئاژاوە نانەوە. کە دەبێتە هۆی شۆردنەوەی مێشک و دەماغی تاک.

-دەرچوون لەیاسا و گومان خستنە سەر تەواوی دەقە یاساییەکان بەبیانووی جۆراو جۆری ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی.

-کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و گرتن و ئازاردانیان، بەبیانووی جۆراو جۆری کەسی و سیاسی و ئاسایشی.

-دزینی ماڵ و سامانی هاوڵاتیان و هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و هەتکردنی ئافرەتان و سوتاندیان و کاری بەدڕەفتاری بەرامبەر منالان و هاندانی خەڵک بۆ دەستنەپاراستن لەنەیارە ناوخۆییەکان.

-بانگەوازکردن بۆ هەڵگەڕانە و دزی و داڕمانی سەرچاوە و بینا و کەل وپەلەکانی نەیار (الشاذلی،المانع، ١٩٩١، ١٤٢٤ک، ل١٢٣، ل٢٤-٢٥).

٣-جێکەوتەی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی بیروباوەڕی ئایینی

زاراوەی بیروباوەڕ( العقیدە) زاراوەیەکی نوێیە و لە قورئاندا نییە.قورئان باسی ئیمان دەکات، ئەو ئیمانەش بەو شێوەیەی لە قورئان ڕوونکراوەتەوە و جێگەی ناکۆکی نییە بریتییە لە باوەڕهێنانی بە خودا، مەلائیکەت، پێغەمبەران، کتێبەکان و ڕۆژی دوایی. لەوەش بەدواوە هەرباوەڕێک یان کردارێک پەیوەستکرابێت بە باوەڕەوە جێگەی ناکۆکییە لەڕووی ڕاڤەکردنییەوە.

کارەساتەکەش ئەو کاتە ڕوویدا کە وردەکاری تر بۆ باوەڕ زیادکرا، ئەو وردەکاریەش زادەی بیری مرۆڤەکان بوو کە وای کرد تاکی لادەر بە داهێنەر لە دین ناوزەدبکرێت یان تەکفیر بکرێت تا دەگاتە حەڵاکردنی خوێن و ماڵی ئەو کەسە. ئەمەی بەسەر ئیسلامدا هات، پێشتر بەسەر ئاینی مەسیحی هاتبوو(قەرەداغی، ٢٠١٦، ل٥١).

ئیدی وورده ورده توندڕەوی لە ئاییندا بویە مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر خودی ئایین،شوێنکەتوانی ئایینیش بونە داینەمۆی شۆڕشێک لەسەر هەڵدانی پەڕگیری و توندڕەوی. کاریگەریەکانیشی لەسەر یەک بەیەکی تاکەکان و کۆمەڵگەش ڕەنگی دایەوە. لەوانە:

-ناشیرینکردنی ناوبانگی ئیسلام لە ناوخۆ و نێودەوڵەتی.

-دوورخستنەوەی تاک لە چاکسازی و هاوسەنگی و ڕێگریکردن لە خۆشیەکانی ژیان.

-پەلاماردانی کەسانی نەیار لە هزر و ڕەفتاردا.

-دروستکردنی دوو بەرەکی لە نێوان شوێنکەوتەی زانست لە نێوان دوو قوتابخانەی جیاواز لە زانستە شەرعیەکان.

-شپرزەی و ناهاوسەنگی لە فەتوادادندا.

-کەم بوونەوەی ڕۆڵی مزگەوت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

-پابەندکردنی زۆرە ملێیانە لە جێبەجێکردنی یاسا شەرعییەکاندا.

-پیادەکردنی مامەڵەی خراپ و دڵ ڕەقانە لە دەربڕینی گفتوگۆ لەگەڵ موسڵمانانی بەرەی جیاواز.

-سووککردن و ناشیرینکردنی زانایان و هەڵکەوتەکانی ئایین.

-ڕۆچوون و زیادەڕۆی کردن لە هزر و کردار وگفتاردا لە یاسا نە گۆڕ و گۆڕاوەکانی ئایین.

-وروژاندی گومانەکان و پەرەسەندیان لە کۆمەڵگەدا.

-ڕەچاو نەکردنی بواری بەرژەوەندی و خراپەکاری لە جێبەجێکردن و پیادەکردنی دەقەکاندا.

-تەسکردنەوەی شتە حەڵاڵەکان وحەرامکردنی شتە پاکەکان.

-پۆلێنکردن و وەسفکردنی کۆمەڵگە بە (کافر- فاسق- فاجر.) (عسیری،الجوجو، عەلی، عبدالعزیز،٢٠٠٦، ؟، ٢٠١٨، ٢٠١٧، ل١٥٥-١٥٦، ل١٠٥٢، ل٣٧، ل١٤١)

٤-جێکەوتەی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی

یەکێک لە پێداویستییە بنچینەیەکانی بەردەوامی ژیان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، ئاسایشی کۆمەڵایەتییە کە ئاوەدانی زەوی و خۆشگەزەرانی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات. بەڵام هزری توندڕەوی جێکەوتەی خراپ بەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. لەوانە:

-هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکان: لەکوردستاندا خانەوادەکان لە ئەنجامی لەدەستدانی تاکێکیان بەهۆی توندوتیژییەوە تووشی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی بوونەوە. ( وەک لەدەستدانی باوکیان یان برایان یان زۆربەی خانەوادەکانیان). هەروەها دووبەرەکی و کێشمە کێشی نێوان خانەوادەکان(بەتایبەت نێوان کوڕ و باوک یان برا و برا) لەئەنجامی دەرکەوتنی پەڕگیری و بیرکردنەوانەی توند لە لایەن تاکێکی خێزانەکەوە بەرەو هەڵکشان دەچوو.

-پێشێلکردنی مافی ژنان: بەبیانوی بێدەستەڵاتیان و خزمەتپێکرنیان لەماڵ وەک کۆیلە و سووکایەتی پێکرنیان لەکاتی گوێڕایەڵ نەبوونیان و لاوازیان لەکاردا، مافیان پێشێل دەکراو ڕێگەنەئەدرا بەکارکردنیان لەشوێنی شیاوی تایبەت بە خۆیان. هەروەها ڕوانینە ژنان وەک کاڵایەکی بێبەها و یاریکردن بە چارەنوسیان لە ڕێگاکانی قومار و مەیخانەکانەوە.

-بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و ناشیرینکردنی بەرامبەر، کە دەبێتە هۆی دابەشبوون و دووبەرەکی لە کۆمەڵگەدا.

-دابەزینی کاریگەریەکانی بواری ڕۆشنبیری و زیادبوونی دواکەوتووی و لاوازی ئاستی پەروەردە و فێربوون و داهێنان.

-لاوازبوون و کەم بوونەوەی خزمایەتی و دۆستایەتی و خۆبەدوورگرتن لەیەکتری، بەبیانووی جۆراو جۆری وەک هزری و سیاسی....

-بیرکردنەوە و پەیڕەو کردنی تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵگە و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی و پاراستنی تاکەکان.

-بەرتەسککردنەوەی بازنەی ڕێکەوتنەکان و فراوانکردنی هزری دژایەتی و دووبەرەکەی لەنێوان لایەنەکاندا و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندنی زۆرەملێیانە.

-بانگێشتکردنی گەنجان بۆ هەڵگەڕانەوەو ئاژەوەگێڕی و ترساندنی کۆمەڵگە و دەستەڵات، سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی گەنجان لەلایەن لایەنەکانەوە و قۆستنەوەی هەلی گونجاو بۆ گرتنە دەستەڵات.

-ناشیرینکردنی وێنەی پیاو لە کۆمەڵگە، بەبیانووی پێشێلکردنی مافی ئافرەتانەوە و خۆبەگەورەزانینی پیاوان و قۆرخکردنی دەستەڵاتەوە.

-کۆنترۆڵکردنی گووتاری کۆمەڵایەتی، بەتایبەت پرسە هزریەکان، کەوا دەکات بیروباوەڕەکان ببنە ڕەفتارو لە واقدا جێبەجێ ببن (عسیری، الطریفی، ٢٠٠٦، ١٩٩٨، ل١٦٢-١٦٣، ل١٢٤).

٥-جێکەوتەی هزری توندڕەوی لەسەر ئاسایشی ئابووری

هزری توندڕەوی چەندین جێکەوتەی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی ئابوریەوە دروستکردووە، لەوانە:

-ترساندن ودروستکردنی دڵە ڕاوکێ لە نێوان هاوڵاتیاندا لە ڕووی ئاسایشی خۆراکییەوە: بەبیانوی ئەوەی خۆراکی ئەم وڵاتە لە ڕووی کوالێتیەوە ناتەندروستەو هاوڵاتیان توشی چەندەها جۆری نەخۆشی دەکات، هزری توندڕەوی دەبێتە بەشێک لە کایە خراپەکەی کۆمەڵگە وهاوڵاتیان بەرەو ناسەقامگیری ئابوری و دەروونی دەبەن.

-ترساندنی هاوڵاتیان لە ڕووی بواری دەرمانەوە، بەبیانووی دەرنەچوونی تەوای دەرمانەکان لەڕووی کوالێتییەوە و ڕەواجدان و سپۆنسەرکردن بۆ بازرگانانی چاوچنۆک توندڕەوەکان دەیانەوێت ئاسایشی دەرمان و ژێرخانی تەندروستی بەرەو هەڵدێرببەن.

-خەرجکردنی داهات و سەروەت وسامانی وڵات بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کارەساتانەی بەهۆی توندڕەوییەوە هاوڵاتیان و لایەنەکان تیایدا زەرەرمەندبوون (وەک قەرەبووکردنەوەی زیاندمەندان- چارەسەری پزیشکی- بینا ودەزگاحکومیەکان- دەزگاکانی ڕاگەیاندن...).

-خەرجکردنی داهاتێکی زیاتر بۆ وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە و ئەنجوومەنی ئاسایش، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی.
-هەڵاتنی وەبەرهێنەرانی دەرەکی لەئەنجامی هەندێک هەڕەشەی لابەلای توندڕەوەکان. ( تەنها حاڵەتە)
-هەڕەشە لەسەر پرۆژە و جوڵەی گەشتیاری و گەشتیاران. ( تەنها حاڵەتە)
-حەرامکردنی چەندین کاڵا و کەل وپەلی تایبەت و گشتی، بە بیانووی حەرام بوونیان، یان دروستکراوی رۆژئاوان(عسیری، العمیری، الباجلانی، دوابە، ٢٠٠٦، ٢٠٠٤، ٢٠١٣، ٢٠١٠، ل١٦٠-١٦١، ل٦٢-٦٤، ل٤١، ل٢٤٤).

## کۆتایی:

مەبەست لەم تویژینەوەیە، بیرخستنەوە و گەڕان و خۆ بە پەرێزگرتنە لەم ئافاتە گەورەیەی هزری توندڕەوی کە جاروبار(دوور یان نزیک)، (کەم یان زۆر)، یەخەی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووە و دەگرێت و بە ئاقارێکی نەخوازراویان دەبات. دوای شەن وکەو کردنی تەوەرەکانی ئەم بابەتە گەیشتمە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:
-هزری توندڕەوی لە کوردستاندا، لەحاڵەتەوە بەرەو دیاردە و لە ڕێکخراوییەوە بەرەو پەرتەوازەیی هەنگاوی ناوە. ( واتە دیاردەی پەرتەوازە)
-هزری توندڕەوی ڕۆچوون و دەرچوونە لە سنورە شەرعی و یاسایی و باو ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و دەستگرتنە بەسەر تەواوی جومگەکانی تاک و کۆمەڵگە و وڵات.
-وەک لە هۆکار و جێکەوتەکانەوە ڕوون بویەوە، کەتوندڕەوی دروستکراوی ئیسلام نییە وەک هەندێک دەیلکێنن بە ئیسلامەوە و لە جوگرافیایی جیهانی ئیسلامیدا وێنای دەکەن. بەڵکو دەرئەنجامی پەرگیری تاک و سەپاندنی ئەمری واقعە بەسەر گەلاندا، هەروەها ئەو ژینگە ناتەندروستەی وڵاتانی دواکەتووی جیهانی سێیەمە کە بەرهەمهێنەری توندڕەوین.
-هزری توندڕەوی پەیوەندی زۆر وبەهێزی بە بێ هیوای و نەهاتنەدی خەونەکانی تاکەوە هەیە، کەوا لە مرۆڤ دەکات سەرکێش و توندڕەو دەرچێت و خزمەت بەبیری توندڕەوی بکات.
-شەڕی بەرژەوەندی و بەوەکالەت بۆ هێزە باڵا دەستەکان و ململانێی شەڕ لەسەر پۆست و کورسی و دەستەڵات لەنێوان دەستەڵات و ئۆپۆزسیۆندا وخۆشکردنی ئەم شەڕە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دۆخی کۆمەڵگەی کوردی ئاڵۆزتر کردووە. توندڕەوەکانیش ئەم بازارە شڵەژاوەیان بەهەل وەرگرتووە بۆ تێکدانی زیاتری بارودۆخەکە.
-فاکتەرە سەرەکییەکانی توندڕەوی، یان ئاینییە یان سیاسی یان ئاسایشی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری .
-تاکی توندڕەو هەموو ئامادەییەکی هەیە بەهەرنرخێک بێت (خۆی، خانەوادەی، کۆمەڵگەی، نیشتمانی) ببەخشێ بەوەی کە باوەڕی پێیەتی.
-گرنگترین لایەن لە هێزی بەرهەم هێنان، خودی مرۆڤە، هزری توندڕەویش لە مرۆڤدا دەبێتە بکوژی داهێنان و وزە و توانستەکانی مرۆڤیش لەکاردەخات و لەکێشمە کێشمەکان بەکاری دەهێنێت.
-هزری توندڕەوی جێکەوتەی خراپی (ئایینی، سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاسایشی...) لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە.

## ڕاسپاردەکان:

بەمەبەستی تەواوکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە ئەم چەند راِسپاردانە بە پێویست دەزانم:
-لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە ناحکومیەکانە، گفتوگۆی دروست و گونجاو بەرهەم بهێنن و بەبەڵگەی دروست و باوەڕپێکراو گومانەکان برەوێننەوە.
-کارکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گوتارە توند و زبرەکان، لەڕێگای هۆشیاری ئایینی، ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندن، بە ئامۆژگاری بنیاتنەرانەی نەرم.
-جەختکردنەوە لەسەر مانەوەی پەروەردەیەکی ڕەسەنی ئایینی لە قۆناغەکانی خوێندن (بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆیی) ، لەبەهێزکردنی خوێندکار بە بیرو بۆچونی هاوسەنگی ئایینی دوور لە هەر پەڕگیریەک.

-پابەندکردنی دەزگا میدیاییەکان بەهەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی شەرعی و ئەخلاقی و میدیایی، بەرێکخستنی بەرنامەکانیان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بە دیوە ئەرێنیەکەی.

## لیستی سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


-بامۆکی: محمد ملا ئالح، پوختەی تەفسیری قورئان، چاپخانەی احسان – تاران، (١٣٨٣)ر.
-جەعفەر: د.نوری، سروشت و پەرەسەندنی هزر، وەرگێرانی: سابیر بۆکانی، چاپ:؟.
-حوسێن: محمەد تەها، سایکۆلۆجیای کەسێتی- کەسێتی کورد لەبەر رۆشنایی روانگە جوداکاندا، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە- سلێمانی، چاپی یەکەم، ( ٢٠١٧م .
-عالآیی: عبدالله، سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردی، ماڵی وەفایی- هەولێر، چاپی یەکەم(٢٠١٥)م.
-عبدالعزیز: د.عمر، بیری توندرەوی و پەرگیری لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ تۆێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم،(٢٠١٧)م.
-عبدالله: چنار سعد، زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر لە کوردستاندا، لە کتێبی: دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکارەکان و چارەسەر کردن، بەرگی یەکەم.
-عەلی، ئەبوبەکر،توندرەوی و پەیوەندی بە تیرۆری ئیسلامی، گۆڤاری خاڵ، ژمارە( ٢٠)، کانوونی یەکەم(٢٠١٨)م.
-عزیز: عزالدین احمد، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلآت- هەولێر، چاپی شەشەم،(٢٠١٧)م.
-قەرەداغی: فاچل، ئازادکردنی عقیدە لە فکر، گۆڤاری خاڵ، ژمارە(٣ )، شوبباتی( ٢٠١٦)م .
-مۆلەر: ژان ماری، ناتوندوتیژی، وەرگێرانی: عەبدوڵڵا خالید، بەشداربووان: عەبدوڵڵا خالید، ئیبراهیم ئیسماعیل، شێرزاد هەینی، محەمەد موشیر، چاپخانەی بینایی – سلێمانی، ( ٢٠٠٨ ).


## لیستی سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:


-ابراهيم: عيلة محمود محمد، هيراكية الانتماءات، رسالة دكتوراه- كلية الاداب- جامعة عين الشمس، (1993)م.
-ابن تيمية: احمد بن عبدالحليم بن عبدالسلام، اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة اصحاب الجحيم، تحقيق وتعليق: د.ناصر بن عبدالكريم العقل، مكتبة الرشد – الرياض.
-الباجلاني: ايوب محمد جاسم، تحقيق الامن الغذائي في منظور الاقتصاد الاسلامي، ديوان الوقف السني- بغداد، (2013)م.
-البعداني: أ.د. فؤاد عبده الحاج، التعصب الفكري والمنهجي والحزبي آفة الجماعات الاسلامية، مجلة القلم(علمية – محكمة) العدد: ( 2 )، لسنة ( 2014 )م.
-البيومي: محمد احمد، ظاهرة التطرف الاسباب والعلاج، دار المعرفة- القاهرة، (2004)م.
-أحمد: نجيبة إبراهيم، أثر الخطاب السياسي على الاندماج الوطني في العراق بعد عام 2014، مجلة زانكو للعلوم الإنسانية، مجلد:29، العدد:1، 2025.
-تربان: د. خالد محمد، دور المؤسسات المجتمعية في مكافحة التطرف الفكري،مجلة جامعة القدس المفتوحة، العدد: (44 )، مجلد ( 1 )، آذار( 2008)م.
-جوهر:أ.د. علي صالح، جمعة: أ.م.د. محمد حسن، التعليم والتطرف الفكري اليات المواجهة، المكتبة العصرية – مصر، ط1،( 2017 )م.
-حسانين: احمد، دور التربية في علاج مشكلة التطرف بين الشباب، مجلة كلية التربية- جامعة اسيوط، العد(8)، مجلد(1)، (1992)م.
-الحسين: اسماء بنت عبدالعزيز، اسباب الارهاب والعنف والتطرف- دراسة تحليلية، السعودية،( 2004)م.
-حمزة: رائد محمد، مكافحة الارهاب والتطرف واسلوب المراجعة الفكرية،وزارة الداخلية في جمهورية مصر العربية، (2012).
-الخطيب: أ.د. محمد بن شحات حسين، الانحراف الفكري وأثره على الامن الوطني بدول مجلس التعاون لدول الخليج العربية، دراسة مقدمة الى الامانة العامة لمجلس التعاون لدول الخليج العربية، (2005)م.
-الدباغ: د.فخري، السلوك الانساني الحقيقة والخيال، كتاب العربي، سلسلة فصلية تصدرها مجلة العربي، الكتاب الثاني عشر، ( 1986) م.
-دوابه: د.اشرف محمد، الاقتصاد الاسلامي مدخل ومنهج، دار السلام- الاسكندرية،ط1،(2010)م.
-السدلان: صالح بن غانم، اسباب الارهاب والعنف والتطرف، السعودية، ( 2004)م.
-سلسلة تدريبية للمجاهد الاعلامي، المنهجية في تحصيل الخبرة الاعلامية، تحت شعار: نحو ترشيد الاعلام الجهادي واداء اعلامي متميز، الحلقة الثامنة ، اهداف الاعلامي المسلم، انتاج: الفرقان، النشر: مركز اليقين، (1433هـ).
-الشاذلي: فتوح عبدالله، دراسات في علم الاجرام، مؤسسة الثقافة الجامعية- الاسكندرية، (1991)م.
-الظاهري، خالد بن صالح بن ناهض، دور التربية الإسلامية في الإهارب، رسالة دكتوراه منشورة، الرياض، دار عالم الكتب( 2002).
- المانع:د.عادل علي، الامن القانوني الاجنائي مفهومه واسسه، مجلة الامن والحياة، العدد( 248)، (1424هـ).

-الشقحاء: د.فهد بن محمد، الامن الوطني: تصور شامل المفهوم- الاهمية- المجالات- المقومات، مركز دراسات والبحوث – جامعة نايف العربية للعلوم الامنية،ط1- الرياض،(2004)م .

-الطريفي: ناصر بن عقيل، نظرة الشريعة الاسلامية لظاهرة الارهاب، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية- الرياض، (1998)م.

-عبدالله: عبدالحفيظ، الامن الفكري، المفهوم، واهميته، ومتطلبات تحقيقية، مجلة البحوث الامنية، العدد( 43) ، (2009)م.

-عثمان: د.اسماعيل صديق، التطرف والتعصب الديني، اسبابه والعوامل المؤدية اليه، المجلة الليبية العالمية- كلية التربية المرج- جامعة بنغازي، العدد: ( 28 )، لسنة ( 2017 )م.

-عسيري: مصطفى بن احمد سلطان، سياسة الاسلام في التعامل مع الفتن المعاصرة، رسالة ماجستير، جامع نايف العربية للعلوم الامنية- الرياض، (2006)م،ص162.

-العميري: محمد بن عبدالله، موقف الاسلام من الارهاب، جامعة نايف للعلوم الامنية- الرياض، (2004)م.

-عياد: د.سامي علي حامد، استخدام تكنلوجيا المعلومات في مكافحة الارهاب، دار الفكر- الاسكندرية، ط1، (2008)م.

-العيسوي: عبدالرحمن، الارشاد النفسي، دار الفكر الجامعي- الاسكندرية، (1990)م.

-المبارك: د.راشد، التطرف خبز عالمي، دار القلم- دمشق، دار الشامية- بيروت، ط1، (2006)م.

-محمد: ملك بدر، الكندري: لطيفة حسن، دور المعلم في وقاية الناشئة من التطرف الفكري، مجلة كلية التربية- جامعة الازهر، العدد( 214)، مجلد1، ( 2009)م.

-ناجم: أزمولاي، اثر التطرف الفكري على الفرد والمجتمع( قرآءة في الاسباب... وبحث عن طرق العلاج)، مجلة العلوم الاسلامية والحضارة، جامعة الاغواط- الجزائر، العدد(5)، مارس (2017)م.

-النحوي: د. عدنان علي رضا، موجز النظرية العامة للدعوة الاسلامية والمنهج العام واساس لقاء المؤمنيين، دار النحوي- الرياض، ط2، (1999)م.

-هاينال: اندرية، موانار: ميكلوس، بوميح: جيراردي، سيكولوجية التعصب، ترجمة: د. خليل احمدخليل ، دار الساقي- لندن، ط1، (1990)م.

**التطرف الفكري: أسبابه وآثاره على المجتمع الكردستاني**

**أميد محمد نجمه**
جامعة السليمانية – كلية العلوم الإسلامية – قسم التربية الدينية
Omed.najma@univsul.edu.iq

تعد قضية التطرف والارهاب والغلو من قضايا المجتمع، فهي قضية متعددة الأبعاد، لا سيما بعد ان تورط شريحة الشباب بها، الذين ضحوا بأرواحهم وأجسادهم من أجل هذه الآفة الخطيرة. آفة على مر العصور وفي جميع الأمم، وتتمدد حسب المناخ المجتمعي المحيط.
بيد أن، العديد من مجتمعات العالم المعاصر و دوله، تعيش حالة من التوتر والقلق، وذلك بسبب استشراء التطرف الفكري الذي ازدادت حِدّته في الآونة الأخيرة.
والمجتمع الكردي يعاني اليوم مثل جميع المجتمعات من التطرف الفكري، وهو تنامى بسبب صمت الناس وعدم مواجهته، وغياب الحوار بين الفئات المتطرفة و السلطة الموجودة في البلاد، رغم الدعوات المتكررة لتعزيز هذا النوع من الحوارات لمواجهة التطرف.
لا شك في أن التطرف الفكري اذا كان عبارة عن مجانبة الاستقامة في الفكر والاعتدال في الفهم والوسطية في القرار، فهو أمر سلبي لا مجال للنقاش في سلبيته، لكننا لن نكتفي بإدراك سلبية التطرف الفكري على نحو الإجمال، وانما نريد أن نعرض آثاره السلبية على مجتمعنا، كي نمارس عملية التوعية التي يحتاجها الفرد والمجتمع لتجنب السقوط في منحدر التطرف.
ولذلك قد قسمت البحث هذا الى محورين:
١. تعريف التطرف الفكري وأسبابه.
٢. آثار التطرف الفكري على المجتمع الكردي.

**الكلمات المفتاحية:** التطرف الفكري، التطرف، الانعزال، المجتمع، الكردستان

**Intellectual Extremism :Its Causes and Effects on Kurdistan Society**

**Omed Mhammed Najma**
University of Sulaimani - College of Islamic Sciences- Religious Education
Omed.najma@univsul.edu.iq

**Abstrac**
In the name of God, the most gracious, the most merciful
A vast thanks and tribute for forgiving God with requesting salutation and mercy for the spirit of prophet Muhammad (God pray on him), and for the spirits of his friends and retainers in general. Questioning drastic, frightening and consternating in a general way on worldwide and zone and internal became an important question and appeared, especially young folks that been included into this huge lesion. A lesion in which most of the scientific researches because of any self-factor or objective factors. in a good way couldn't be an answer to the truth that thinking is the beginning of all ethics, instead they imagined that practical factors are basic supporters for the reflective-work of drastic, frightening and consternating. Here I saw it so important far of up-tight to show it in a research that drastic thinking is not a tool or work, instead a program and human ideology and along all the history of nations and the fullness of the ages, depending on the weather of the community and its environment and the surroundings it didn't increase neither decrease. Kurdish community like other nations wasn't far away from the drastic thinking and in any way the parametric was counted and its effects continued on some of the individuals. So, it's important for the insight, careful and watchful community to be serious but out of that kind of thinking and opinion and become an obstacle to the concrete and should be applied until the agreement of the community and irrepressible of the individual rights.
For that target the researcher divided the title into two groups:
1. definition of the drastic thinking and its factors.
2.the effects of drastic thinking on the Kurdish community.

**Keyword**: Intellectual extremism, extremism, isolation, society, Kurdistan